


## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی

**والآ:** کێشەکانی گەنجی وڵاتی ئێمە چین؟
**گەپ:** لەپرێ نابنە کورێ.
**سقیل:** ئیبراهیم تاتلیس لە هەولێر بە دوای زارا دەگەڕێت.
**گەپ:** یان بۆ سکرتێرەیەتی، یان تەسحیح قەومیەی پێ دەکات.
**خەبات:** بەنزینی سوپەر زیانی پێ گەیاندین.
**گەپ:** نۆرەی سپایدەرمانە!
**گوڵان:** بۆچی ڕەمەزان دەکەنە هەلێک بۆ دادۆشینی هاووڵاتیان و بۆ شێواندنی بازارەکان.
**گەپ:** کوا گرانیە؟ خۆی مانگێکی بەرسقە!
**بارزان:** ئێران فوو لە ئاگرە دامرکاوەکە دەکات.
**گەپ:** دیارە حەزی لە تکەی خلیجییە.

**هەفتانە:** چ جۆرە هاورێیەک دەگرێت؟
**گەپ:** خراپەکەیان دەگرم، هەتا باش بێت.
**هاوڵاتی:** منداڵانیش وەکو گەورەکان جگەرە دەکێشن!
**گەپ:** گەورەکانیش وەکو منداڵان بیانوو دەگرن!
**کۆمەڵ:** خۆ حکومەت ئاگر کوژێنەوە نییە.
**گەپ:** خۆ موعارەزەش ئاگرکەرەوە نییە!
**ئاڵای ئازادی:** لە قەڵادزێ شوفێرە بێ هێڵەکان نیگەرانن.
**گەپ:** هێڵی تەریب یان یەکتر بڕ؟
**یەککرتوو:** نانی (چەپڵە) بە چێشتی (بابژێ) دەوە.
**گەپ:** دوعای حزب بە فتوای دەسەڵاتەوە.

**ڕووداو:** با کوردستان وەک ئەڵمانیای لێنەیەت.
**گەپ:** خەمی ئەوەت هەر نەبێت!
**ئاسۆ:** ڕەمەزان نرخی مولیدە گران دەکات.
**گەپ:** ناوی باوکی چییە با شکاتی لێ بکەین ؟
**چاودێر:** مامۆستای زانکۆ هەیە لە کۆمپیوتەر نازانێت.
**گەپ:** ئامر لیواش هەیە نازانێ تەقە بکات!
**میدیا:** مەرج نییە هەموو ئۆپۆزسیۆنێک دیموکرات بێت.
**گەپ:** دوور لە ڕووی ئەوانەی خۆمان.
**کوردستانی نوێ:** گرانترین سەرپێچی.
**گەپ:** چەند گران بێت هەیە بێ مەعامەلە دەیکرێت.!




ئەحەی دەهۆڵ

لێم گەڕێن بەتەنیایی با مەی بنۆشم
هەرسی رۆژەی رەمەزان خورما ئەفرۆشم
لێو ئاڵی گۆنا سور قەتباریکەی وەک بلور
پارکێکی تیانیە هەموو قەزای شارەزوور
ئەگەربێ تۆ بم مەست و حەیرانم
ئەم رەمەزانەش هەر لە سەیرانم
دوو چاوی یارم لەمنی گرتوە نیشانە
حوکمەت هیچ دەنگێ ناکات خواردن دووقات گرانە
یارەکەم زۆربەناز جارجار دەبێ گرژومۆن
لەهەولێرا خۆم بینیم ترشیاتیش بووبەکۆبۆن
بەدواتا وێڵم دەرو دەشت و دۆڵ
خۆی رۆژو ناگرێت ئەیژەنێ دەهۆڵ
چەند جوانە خەندەی لێوی دوودانی تەڵایە
گەرەکێک خۆی بیست ماڵە هەژدە دوکانی تیایە
لەولا هاتم بەرێیواری رێم کەوتە باخی بەختیاری
کورەکەم بەیەکەم دەرچوو جیسێکیان دایە بە دیاری
هەی داد هەی بێ داد لەم گەورە شارە
ئاوی خواردنیش ئەکڕم بە پارە

## هەواڵی ماتۆڕی

ماتۆرسوارەکەمان زۆربەعەجەلە بوو لێمان پرسی: بۆ وا شپرزەی؟ وتی: دەمەوێ زوو بگەمەوە لای خەزورم لەنەخۆشخانەی ئەهلی لەسلێمانی. وتمان: خێرە؟ وتی: ئەوەی راستی بێ نەشتەرگەریەکیان بۆ کردوە بەگەرەنتی چاکبونەوەی یەکجاری و بەبری پانزەملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار، وەلێ دوای بیستودوو رۆژ تلانەوەی ئێش و ئازار بردمانەوە لای هەمان دکتۆر، ئەویش دووبارە ورگی هەڵدرییەوە تومەز کۆڵێ لەفاف و مەقەستێک و جوتێ دەستکێش و هەروا بێتەوە بەعزێ دەمامک و شتی لەناو سکیدا بەجێهێشتبوو، دوا بەدوای دەرهێنانەوەی ئەم کەلوپەلانە دووسەدوپەنجا هەزار دیناری تری لێسەندین!!





## عەینەن یەك



### مناڵی مەسئول

١- بە مۆسیقا خەبەری دەکەنەوە.
٢- سبلیت و کۆمپیوتەرو پلەیستەیشن هەیە لە ژورەکەیدا.
٣- هەفتەی سێ جار لە پارکە.
٤- لە شەشی سەرەتاییەوە دەینێرنە دەرەوەی وولات.
٥- سپی و ناسک و بەنازە.
٦- مامۆستاش لەترسا نازی دەکێشێ.
٧- لەناو سەد مناڵا دیارن.

### مناڵی فەقیر

١- بەنەقیزە تێی ئەژەنن.
٢- لەتەک قونەرەکەی باوکیا ئەخەوێ.
٣- دایم لە پارکە بەس قوتو کۆ دەکاتەوە.
٤- دکتۆرا بێنێت نێرگز ئەفرۆشێ.
٥- فیشەک نایبرێ پێستی بوە بەدەرع.
٦- قسە بکات مامۆستا رۆحی دەکێشێ.
٧- لە زبڵ و حاوییەکاندا ئەدرەو شێنەوە.

بۆچوون



NAMO



ڕۆستەم زادە
(نامـــۆ)

تایبەت بە گەپ دەینێرێ

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



### دوکەڵ

عەبە سێ سەر

### تەحلیلی سیاسی:

هەموو دووکەڵێک لەڕووی سیاسیەوە مەترسیدار و خەتەرناکە بەتایبەتی دووکەڵە بۆندارەکان، چونکێنێ لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا هەموو کات و عان و زەمانێک چڕە دووکەڵی قەسفی تۆپبارانی وڵاتانی ئیقلیمی و موشەکی نێودەوڵەتی و سەیارەی موفەخەخەو عەبوبەکری ناسیفی ناوخۆیی شاباشی گیانمانە، جگە لەتەپ و تۆزو چڕە دوکەڵ و بۆن و بەرامەی گەندەڵی لەمەڕ خۆمان!..

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

هەنێ دوکەڵمان هەیە پێکهاتەی نایلۆن و ئسفنج و حەفازەی پڕ لەهەرامەی منداڵ و زائیدەن زبڵ و گەن و گوی ماڵانە، لەلایەن کەناسەکانەوە بە سپۆنسەری سەرەکی برادەرانی شارەوانی ئاگریان تێبەر دەدرێت و چڕەدوکەڵ دەنێنەوە، ئەمەش لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە مەڵاشوی پیاوی حەفتا ساڵەش دەخات نەخوازەڵا هی منداڵ ..



## (هەر لۆ فشەی)

شێخە فشە

ئەگەر ئیشم بە تەکسی بی، دوو سەعات رادەوستم هەر لۆ فشەی تەکسی- نایێ- ئەگەر ئیشم بەتەکسی نەبی، هەر لۆ فشەی عەیب نەبی (سەری کەپووی خۆم بخورێنم(٥٠) تەکسی رادەوەستن.. ناچارم بە نەفەرات بڕۆم – مام حاجییەک و ئەفەندییەکی کەچەری تێدابوو.

هەر زوو گلەیی و گازاندە دەستی پێ کرد خەرک مرد لە گەرمان ( ئاو لۆ نییە مردین لە تێنانئەوە وەزع نییە)..!

هەر لۆ فشەی خۆم پێ ڕانەگیرا و گۆتم: ئێ گەرمایە خۆ بەفر ناباری- ئاو نییە خەتای خۆمانە! دە مام حاجی بەقوربانی کەشیدەت بم خێزانەکەت ٢٤ سەعاتەی خوای سۆندەی لەدەستەو جادەو دیواری دەڕشینی- ئاخر نازانی قیڕ دژی ئاوێی یە ئەفەندی نوێژی نیوڕانێیە، ئەو هەموو گڵۆپە لۆ چ پێیە- ئاخر هەمووومان هەر لۆ فشەی قسەمان هەیەو عەمەلمان نییە، دەبا ئەمە خۆمان چاکەین، هەر لۆ فشەی هەموو چشتەک بە خۆی چا دەبی!!





**ئابووری:**

دوکەڵێکی تر هەیە بەناوی دوکەڵی ئافات ئەم نەوعەیان ئاگرەکەی زیاترەو لەڕووی ئابوریەوە کۆنترۆڵ کردنی گەلێ زەحمەتە، چونکە سەیارەی حەریق ناگاتە ناوچە شاخاویە ئاگرتێبەر دراوەکان! جا بەدەستی عانقەست بێ یان بەنەفامی بەهۆی جگەرەی فڕێدراوی دەستی ئەحمەقێکەوە بەرپادەبێ و ڕەزو باخی عالەم دەکات بە خەڵوز!

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١- لە مانگێکی وەک شەعبانداو لەبەرواری سێی هەشتی ساڵی تەقلەلێدانی ماشێنی زەبەلاحیدا و لەنزیک ماجیدی مۆڵدا، سەیارەیەکی کرێنی گەورە فڕییە ناو حەدیقەکە و دوای شێلانی سەیارەیەکی خصوصی خۆشبەختانە زیانی گیانی بەدواوە نەبوو، بەڵام جێگای پرسیارە بێژین ئەو سلْنگانەی سەیارە تێکشکاوەکان دەگوێزنەوە، ئەگەر خۆیان تێکبشکێن بەچی دەگوێزرێنەوە؟

٢- لە شەوێکی ناغافلْداو لەڕێکەوتی هەژدەی مانگی دەهۆڵ کوتانی پارشێویدا، هەموو خەڵک لە قوڵایی شیرین خەودا بون، سەعات دوو نیوی شەو مەلای مزگەوتەکەی بەرامبەرمان لەجیاتی سەڵاتی پارشێو بە هەموو هێزو توانای خۆی هاواری کرد: ئەلئیمساک. ئەلئیمساک!!

٣- لە ڕۆژێکی بێ سێبەرداو لەبەرواری بیست و شەشی ئابی دووساڵ لەمەوپێشدا، لەگەڵ سەیارەیەکدا دەعمم کرد، من و کابرا بە هەموو زەرەرێکی خۆمان ڕازی بوین و سوڵحمان کرد، کەچی دوای دوو ساڵی ڕەبەق حکومەتی هەرێم چوارسەد هەزار دیناریان هەر بۆ خۆشی لێسەندم!!



## تیاترۆ

**عوسە سویچ**

باوک/ هەستە رۆڵە بیگرە گوناحە

کوڕ/ باوکە گیان بەخوا ناتوانم

باوک/ رۆڵەگیان با نەروات گوناهت دەگاتێ

کوڕ/ توخوا لێم گەڕێ کوێر بوم بۆ خەو

باوک/ ئاخر کورم بروات دوای نایەتەوە

کوڕ/ بابە گیان وتم ناتوانم.

باوک/ کورە هەتیو ئاخر بەچکەی هەیە گوناحە.

کوڕ/ چی بەچکەی هەیە، شێت بوی بەم نیوە شەوە؟

باوک/ شێتی چی هەتیو هەستە رایکرد بیگرە.

کوڕ/ تۆچی دەڵێیت ڕەمەزان چۆن رادەکات؟

باوک/ خەو خۆش ڕەمەزانی چی؟

کوڕ/ ئەی چی بگرم گوناحە!؟

باوک/ کورم کۆترە ئێرانیەکە (بای ٥ وەرەقەیە)بیگرە!

